# كێش وپێوانەو دراو لەشارە كوردیەكاندا لەماوەی(4-5ك/10-11ز)

(PP 216 - 233)

http://dx.doi.org/10.21271/zjhs.22.2.13

**د.مقداد حسین**

كۆلیژي پەروەردەي بنەرەتی/زانكۆي سەلاحەددین- هەولێر

miqdadtaha@yahoo.com

**وەگـــــرتن : 2017/10/03**

**پەسندكردن : 2017/12/06**

**بڵاوكردنەوە : 2018/03/26**

**پوختە**

ئەم لێكۆلینەوەیە تا رادەیەك ئامانجی خۆی پێكاوە لەڕوی مێژوویی و شوێنەواریەوە، لەماوەی توێژینەوەكەدا لێكۆڵەر شارەزایی لەبارەی دەسەڵاتدارانی شارە كوردیەكان خستۆتە ڕو كە چەندە بە پەرۆش بوینە بۆ پێكەوەنانی شارستانی و دەرخستنی یەكە كارگێریەكان و هونەریەكان و توانا مرۆییەكانی ئەو سەردەمە.

میرنشینە كوردیەكان لە ماوەی سەدەی چوارەم و پێنجەمی كۆچی/ دەیەم و یانزەهەمی زاینی ، لە هەرێمەكانی جەزیرەی فوراتی و هەرێمی چیاكان و ئازەربیجان ،هەردەم بە پەرۆش بوینە بۆ پیادەكردنی سیستەمی بەڕێوەبردنی دەسەلآتیان بەتایبەتیش بۆ ڕەچاوكردن و بەكارهێنانی یەكە سەنگی كێش و پێوانەكان و جۆری ئەو دراوانەی كە لەشارە كوردیەكاندا كاری ڕۆژانەیان پێ ڕایی كردبوو، هەوڵی ئەوەیان دابوو ئەو سیستەمەش لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام بگونجێت، چونكە زۆرینەی دانیشتوانی شارە كوردیەكان لە سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام بوینە هەرچەندە ئەگەر جیاوازی لە ئاینزاشدا هەبووبێت.

ئامانجیش لەمە ئەوە بووە جۆرە هاوسەنگیەك هەبێت لە نێوان دانیشتوانی شارە كوردنشینەكان و سیستەمی بەرێوەبردنی دەوڵەتی عەبباسی، هەرئەمەش بوو وای كردبوو كە دانیشتوانی میرنشینە كوردیەكان لە پەیوەندی ئابوری و كۆمەڵایەتییەكی بەهێز دابن لە گەڵ دەوڵەتی عەبباسی، هەرچەندە ئەگەر هەندێك جیاوازی بچوكیش هەبوبێت لە یەكە سەنگەكاندا، بە ڵام كاری گەری ئەوتۆی نەبوە وەك دیاردە كەببێتە كێشە بۆ سیستەمی بەرێوەبردن لە نێوان دەولەتی عەبباسی و میرنشینە كوردیەكان، ئەو پەیوەندیە بەهێزەش وای كردبوو كەشارە كوردیەكان ببێتە جێگای سەرنج راكێشانی خەلیفەكانی عەباسی و متمانە پێبونیان، بە هۆی بەرقەراربونی ئاسایش لە هەرێمەكاندا، ئەوەش ڕەنگدانەوەی پۆزەتیڤانەی هەبووە لە سەر ناوچەكەدا، كە هەندێك شار ببونە خانەی سكە لێدانی دەوڵەتی عەبباسی، دیناری زێرو درهەمی زیویان لێدەدا، جگە لە سكە لێدانی دراوی ناوەخۆ، لەپاڵ ئەمانەشدا متمانە بە دراوی بیانیش نامۆ نەبووە لە شارەكوردیەكاندا لە ماوەی سەدەی چوارەم و پێنجەمی كۆچی، دەیەم و یانزەهەمی زاینی.

گومان لەوەدا نەبووە كە ئەو شارە كوردیانەی سكەی پارەیان تێدا لێدرا بوو ، لە لایەن دەسەڵاتەوە شەرعیەتیان وەرگرتبوو و جێگای متمانە بوون لە لایەن بازرگانان و سیستەمی بەرێوەبردنی ئەوكاتیش، هەر بۆیە ئەم پارانەی كە لە میرنشینی مەروانی و حەسنەوەی دەردەچوون رەواج و ڕەهەندی ئابوری بەهێزیان هەبووە، هەم لەناوەخۆی هەرێمەكاندا و هەم لەدەرەوەی هەرێمەكانیشدا، بەڵگەی دروستیش كە گەواهی دەرە، شارە كوردنشینەكان باجی زەویانەیان بە دەوڵەتی عەبباسی داوە، رەزامەندیش لەسەری پیشاندراوە.

## پێشەكی

گومان لەوەدا نەبوە كە شارە كوردنشینەكان لە ماوەی سەدەی چوارەم وپێنجەمی كۆچی/ دەیەم و یانزەهەمی زاینی پێشكەوتنێكی گرنگی شارستانیان بەخۆیەوە دیبوو، بەهۆی دەركەوتنی كۆمەڵێك میرنشینی كوردی لە هەرێمەكانی جەزیرەو ئازەربیجان وئەرمینیاو هەرێمی چیاكان و ڕۆژئاوای چیاكان، ئەم پێشكەوتنەش دەگەڕایەوە بۆ جۆرێك لە سەقامگیری و بەرقەراربونی ئاسایش لە هەرێمەكاندا، بە هۆی پیادە كردنی سیستەمێكی سیاسی تەندروست كە كاریگەری زۆری هەبووە لەسەر یەكە كارگێڕیەكان بۆ جێگیركردنی یەكە كێش و پێوانەو سكەلێدانی دراو.

یەكەكانی كێش و پێوانەو دراو بە سەرچاوەیەكی گرنگی مێژوویی لە قەڵەم دەدرێن بۆ توێژەران لە ڕوی كۆمەڵایەتی ئابوری و رامیاریشەوە، بۆیە بۆتە جێگای سەرنج و تێڕامانی لێكۆلەرەوان، بەتایبەتیش دراو كە كەلێنێكی گەورەی پركردۆتەوە لە مێژووی شارستانی شارە كوردنشینەكان و زانیاری بە پێزی خستۆتە بەر دیدی توێژەران لەبارەی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتداران و دەرخستنی توانا ئابوریەكانیان و لە ڕێگای لێدانی سكە و بەكار هێنانی جۆری كانزا گرانبەهاكان وەك زێڕ و زیو.

توێژەران لێكۆلینەوەیان لە گەڵێك بابەتی بەپێزی مێژووی كۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابوری كردووە لە ڕێگای كنەو پشكنینی زانستی لە دەقە مێژوویەكاندا، ئەوەی تاڕادەیەك تارمایی لەسەربووە و فەرامۆشكرابوو یەكەكانی كێش و پێوانەو دراو بووە، لێكۆڵینەوە لەم یەكانەش كارێكی سانا نەبووە، بەتایبەتیش لەماوەی توێژینەوەكەدا، چونكە توێژەر توشی تەنگژە دەبێت بەهۆی

لەیەك نەچونی سەنگی یەكەكان لە هەرێمەكاندا، كەم و زیادی سەنگەكانیش بەهۆی جیاوازی سیستەمی هەرێمەكان بووە، بۆیە لە هزری من گینگڵی دەخوادەوە، بو بەبابەتی لێكۆلینەوەكەم و تاكو بتوانم مشتێك لە خەرواری شارستانی كورد بخەمە بەر دید.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ تەوەر پێكهاتووە، كە لەتەوەری یەكەمدا باس لە یەكەكانی ئەو كێشانە كراون كە لەشارە كوردیەكاندا بەكار هێنراون لە مامەڵە بازرگانیەكانیاندا، دانیشتوانیش لەسەری ڕاهاتون جێی متمانەیان بووە هەروەك چۆن شەریعەتی ئیسلامی پەسندی كردوون.

لە تەوەری دوەمیشدا یەكەكانی پێوانەكردنی ماوەی نێوان شارەكان و دێهاتەكان و درێژی باغ و پەرژینی بێستانەكان و بەرزی چیاكان خراونەتە ڕوو، كە بە قۆناغ و ڕۆژ و فرسەخ و جەریب و زراع و پێ و بەرزی باڵا، لێكدانەوەیان بۆ كراوە و بە پێی پێوەری ئەمرۆ ئەم یەكانە شیكراونەتەوە.

تەوەری سێیەم و كۆتاییش گرنگی دراوی خستۆتە ڕوو كە لە شارە كوردیەكانیدا كاریان پێ ڕایی كردوون، چ ئەو دراوانەی كە لەناوەخۆ لەلایەن دەسەڵاتی میرنشینە كوردیەكانەوە سكەی لێدرابێت یا ئەو دراوانەی كە لەلایەن دەوڵەتی عەباسییەوە سكەكەی لەشارە كوردیەكانەوە لێدرابێت، جگە لەهەندێك دراوی بیانیش وەك دراوی فاتمی و مورابتی و دیناری ڕۆمانی كە ڕەواجیان هەبووە لە شارە كوردنشینەكاندا.

**تەوەری یەكەم:یەكە سەنگە بەكارهاتوەكان لە شارەكوردنشینەكاندا**

دەڤەرو شارە كورد نشینەكان لە ماوەی توێژینەوەكەدا بۆ ڕایی كردنی ژیانی ڕۆژانەیان،كۆمەڵێك یەكەی سەنگ و پێوانەیان بەكار هێنابو، ئەو یەكە و سەنگ و پێوانانەش هاوكات لەگەڵ دەوڵەتی عەبباسیدا تاڕادەیەك گونجاو بووە، چونكە میرنشینە كوردیەكانی سەردەمی توێژینەوەكە وەك میرنشینی شەدادی لەهەرێمی ئاران(340-595ك/951-1198ز)(رسول،1990،ص ص 49-58)و میرنشینی حەسەن وەیهی(348-406/959- 1406) لە ڕۆژئاوای هەرێمی چیاكان و(حسن،2011،ص43) میرنشینی مەروانی(373؟ - 489ك/983؟-1096ز) لە ناوچەكانی دیاربەكر و جەزیرە(یوسف،2001،2/ میرنشینی هەزبانیەكان(437؟-534ك/1046؟-1139ز) لە هەولێر(محمود،2002،ص ص 61-64)، جاڕی سەربەخۆیی و جیابونەوەی تەواویان نەدابوو لە دەوڵەتی عەبباسیدا، هەمان زاراوەی یەكەی سەنگ و پێوانەیان بەكار هێنابوو كە لەدەوڵەتی عەبباسیدا باوبوە لە مامەڵەكردندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك جیاوازی بەدی كراوە لە سەنگەكاندا.

لەو یەكە سەنگانەی كە باوبوە لەشارە كوردنشینەكاندا لەماوەی سەدەی چوارەم و پینجەمی كۆچی/ دەیەم ویانزەهەمی زاینیدا، بریتی بوینە لە: مەد و مەكوك و قەفیز و ڕەتل و جەریب و كر و جەڕە[1] ، هەڵسەنگاندنی كاڵاكان لە بازاڕی شارە كوردیەكاندا بە هۆی تەرازووەوە بووە، كە شاری نەسێبین لە هەرێمی جەزیرەدا بە تەرازو دروستكردن ناو و بانگی هەبوە لە جیهانی ئیسلامیدا، هەروەك مەقدسی(م 387ك/997ز) لەساڵی 375ك/985ز ئاماژەی بەناوبانگی ئەو شارە كردبوو(2003،ص141)، بە هەمان شێوەش شارناس ئیبن حەوقەڵیش(م367ك/977ز) لە میانەی سەردانی بۆ ئازەربیجان ئاماژەی كردبوو كە گۆشت فرۆشەكانیان تەرازویان بەكارهێنابوو لە كڕین و فرۆشتندا(1939،ص335). زۆربەی بازاڕی شارە كوردیەكان تایبەتمەندی خۆی هەبووە لە سەنگكردنی كاڵاكانیان، هەروەك شارناس مەقدسی ئاماژە بە یەكە (سەنگەكانی ئورمیە و مەراغە و خوی) كردبوو كە كاڵاكانیان بە هۆی ڕەتل و قەفیزو مەن و مەد سەنگ كردبوو، سەنگی ڕەتلی شاری ئورمیە هەمان كێشی ڕەتلی شاری بەغدا بووە، (المقدسی،2003ص320)، ڕەتلی بەغداش ئەوكاتە بۆ سەنگی كاڵاكان جگە لە زێڕو زیو بە(408) غرام مەزەندە كرابوو(الانصاري1980، ص86)، لە هەرێمی جەزیرەشدا لە سالی(424ك/1040ز) گەنم و ئارد لە لایەن دانیشتوانەوە بە مەكوك سەنگ كرابوو(ابن الاثیر,1978,،11/8)، مەكۆكیش بۆ دیاری كردنی دانەوێلە بە(4,350) كیلۆغرام دانرابوو(محمد،2001،ص44)، لەشاری میافارقینیش كە پایەختی میر نشینی مەروانی بوە، كار بە جەریب كراوە هەروەك فارقی(م 571ک/1175ز) ئاماژەی پێكردوە كە میر نەسر ئەحمەد كوڕی مەروان(401-453ك/1010-1061ز)ڕۆژانە بە كێشی جەریب گەنمی بەسەر هەژاراندا دابەشكردوە (1974،ص83)، لە ناوچەكانی هەكاریشدا یەكەی جەریب بەكارهاتووە ، باجی زەویەنەیان پێداوە بە دەوڵەتی عەبباسی (درویش،ص 226)، كێشی یەك جەریب بۆ سەنگ كردنی گەنم بە چوار قەفیز دانرابو( الرازی ،1989، ص87)، هەر قەفیزێكیش لە عێراقدا بەرامبەربە دوازدە صاع بوە، كە صاعیش بە ( 04, 2) كیلۆ غرام مەزەندە كرابو كرابو،كەوتە یەك قەفیز یەكسان بوە ( 48 ,24 ) كیلۆ غرام، لە ئەنجامی لێكدانەوە كێشی یەك جەریب لە دانەوێڵە دەكاتە( 92, 97) كیلۆغرام بە پێوەری سەردەمی ئەمڕۆ.

جگە لەمە یەكە كێشی گۆڵم یش (مد) لە شارەكانی هەرێمی جەزیرەدا نامۆ نەبووە و كاری پیكراوە (المقدسي،2003، ص 145)، لە فەرمودەی پێغەمبەریش(د.خ) (مد) بە گۆلم هاتوەكە فەرمویەتی:((یتوضأ بالمد ویغتسل بالصاع… ))(مسلم ،2003، 9/4)، كێشی

هەر گۆلمێكیش لە دانەوێلە لە ڕوانگەی زانایانی موسلمانانەوە بە (4 ،543)غرام دانرابوو(الانصاری،1980، ص56)، لە پاڵ ئەمانەشدا یەكەی قەفیز بەكارهاتووە بۆ سەنگ كردنی دانەوێڵە (المقدسي،2003،ص145). وشەی قەفیز لە زمانی فارسی وەرگیراوە، هەم بۆ سەنگكردنی كاڵا و هەم بۆ پێوانەی زەوی كاری پێكراوە(فیروز ابادی، 2005، ص1078)، بۆ سەنگكردنی كاڵاش بەرامبەر بە(26,112)كیڵۆ غرام بووە (الانصاري،1980,ص72).

لەشاری(اربل)هەولێریش یەكەی كێشی(المد) مەد و مەكوك و قەفیز و بەكارهاتون بۆ سەنگكردنی شتومەكەكانیان (المقدسی،2002، ص 145-،-146)، جگە لەمانە ئیبن مستەوفی ئاماژەی بە یەكەی كێشی ڕەتل كردوە كە لە شاری هەولێر بەكار هاتووە لە ماوەی توێژینەوەكەدا (1،1980 /55)، هەر ڕەتڵێكیش بەرامبەر بە(408)غرام بوە،(محمد،2001،ص28).بۆ دیاری كردنی كێشی شلە مەنیش وەك دۆشاوی خورما، جەڕە بەكار هاتووە لەشاری هەولێر (ابن المستوفی،1،140/1980)، جاری واش هەبوە داهاتی ساڵانەی شلەمەنییەكانیان بە جەڕە دیار كردبو، كە ناسر خەسرۆ(م481 ك/1088ز) ئاماژەی بە داهاتی ساڵانەی ئەرزەن كردووە لە هەرێمی جەزیرە دا، ساڵانە لەنێوان (300)سێسەد تا (400)چوار سەد جەڕە هەنگوینیان بەرهەم هێنابوو(1993،ص50)، كێشی هەر جەڕەیەكی شلەمەنیش بە گوێرەی گەورەو بچوكی جەرەكە دیاركرابوو(ابو مصعب، 2007 ،ص136).

شاری هەمەدانیش هاوشێوەی شارە كوردیەكانی تر یەكەی سەنگی (مەن) یان بەكارهێناوە(الاصطخری،د.ت،ص82)، ئەم یەكەی سەنگەش بۆ كێشانی میوەو مەی بەكارهاتبوو، هەروەك گەڕیدەی فارسی ناسر خەسرۆ لەمیانەی گەشتەكەی بۆ شاری ئەرزەن و میافارقین لە هەرێمی جەزیرەدا لە ساڵی(434ك/1046ز) دانیشتوانی بینیبوو كە ترێیان بە مەن سەنگكردبوو(،1993،ص51)،بەهەمان شێوە لە هەرێمی جەزیرەدا مەی بە سەنگی مەن كێشرابوو لە ساڵی(439ك/1047ز) كە ئیبن ئەسیر(م630ك/1232ز) ئاماژەی پێ كردوە یەك مەن لە شەراب بە نیو دینار بووە، یەك مەن بادامیش بە قیراتێك بووە، یەك مەنیش لە هەنار بە دوو قیرات بووە(8،46/1978)، لە شاری بەدلیسیش سەد مەن هەنگوین بە یەك دینار مامەڵەی پێكراوە(ناصرخسرۆ،1993،ص50)، كێشی (مەن) یشیان بە(773،5) غرام خەملاندبوو(محمد،2001،ص28)،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو ناوچە كورد نشینەكاندا یەكەی كێشەكان وەك یەك نەبوینە، هەر وەك دەردەكەوێت لە شاری هەمەدان كێشی مەن جیا بووە لەگەڵ كێشی شارەكانی تری هەرێمی جەزیرەدا، یەك مەن لە شاری هەمەدان بەرامبەر چوار سەد درهەم بووە (الاصطخری،د.ت، ص84)، هەر درهەمێكیش بەرامبەر بە(3,17) غرام بووە (الانصاری،1980،ص68)، كەواتە یەك مەن لەشاری هەمەدان بەرامبەر بە(1,268) كیڵۆ غرام بووە، هەروەك ئیبن ئوخوە(م590ك/1193ز) ئاماژەی بەجیاوازی كێشەكانی هەرێمەكان كردوە كە هەر هەرێمێك یەكە سەنگی تایبەت بەخۆیان هەبوە و لە یەكتری جیاواز بوون لەبارەی زیادی و چەندایەتیەوە(ابن الاخوة،1946،ص219).وادیارە هۆی جیاوازی نێوان یەكە سەنگەكانی شارە كوردیەكان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە سەر بەیەك سیستەمی سیاسی و كارگێڕی نەبوینە.

لەهەرێمی چیاكانیشدا بەتایبەتیش لەشاری ڕەی یەكە سەنگی ڕەتڵ بەكارهاتوە بۆكێشانی میوە(القزوینی،2011، ص376)، بە هەمان شێوە یەكە كێشی ڕەتلیش لە هەرێمی جەزیرە بۆ مامەڵە كردنی كاڵاكان كاری پێكراوە، كە یەك ڕەتڵ گۆشت بە قیراتێك بوە(ابن الاثیر،8،1978 /79)، قیراتیش بەشێك بوە لەدینار،( الفیروز ابادی،2005،ص1045)، زانیانی موسلمانانیش كۆك بوینە لەسەر ئەوەی كە قیرات یەك لەسەر بیست و چواری دینارێكە(محمد،2001،ص23)، كێشی دیناریش بە(4,25) غرام زێڕ دانرابو(الانصاری،1980،ص49) كەواتە كێشی قیراتێكیش بەرامبەر بە(1771 ,0) غرام بوە، تەفلیسیش لەو شارانە هەژمار كرابو كە كوردی تێدا نیشتەجێببون، بۆ سەنگكردنی میوەو خواردنەوەكانیان یەكە كێشی ڕەتڵ و مەنیان بەكار هێنابو، هەروەك لە ڕۆژانی ئاهەنگ گێڕاندا بەناوی نەورۆزەوە كە حەوت ڕۆژی خایاندبو، هەمو میوەجات و خواردنەوەیەك بەردەست خرابو، لە شاری هەمەدان و هەرێمی چیاكاندا كە(20) ڕەتل هەنگوین بە یەك درهەم بوە،(ابن حوقل،1939,ص،340)، جگە لەمەش(100) مەن ترێ بە پێنج درهەم مامەڵەی پێوە كرابو، لەهەمان كاتدا(70) مەن لە خۆشاوی ترێ بە(5) درهەم فرۆشرابو(ابو حوقل،1939،ص364)، هەر درهەمێكی زیویش كێشەكەی(2،975) غرام بوە (الانصاری،1980،ص61). وادەردەكەوێت لە ڕۆژانی بۆنەكان و ئاهەنگێراندا كاڵاكان و خواردنەوەكان بە نرخێكی گونجاو بۆ دانیشتوان بەردەست خرابون.

جۆرێكی تر لە یەكە سەنگ لە شارە كوردنشینەكاندا كاری پێكرابو، وەك كوڕ(كور)، لەشاری نەسێبین لە هەرێمی جەزیرەدا بۆ سەنگكردنی دانەوێڵە بەكارهاتبو، كە داهاتی ساڵانەی دانەوێلەیان بە كور خەملاندوە، هەروەك ئیبن حەوقەل ئاماژەی بە داهاتی دانەوێڵەی ساڵانەی نەسێبین كردوە، كە بە(10000) كوڕی مەزەندە كردبو(1939،ص214)، لە هەمان كاتدا داهاتی دانەوێڵەی ساڵانەی دانیشتوانی قرداو بازبە دی بە(1000) كور خەملاندبو لە گەنم وجۆو دانەوێڵەی تر(ابن حوقل،1939،ص217)، سەنگی كوڕ لەلایەن شارەزایانەوە بە(1468,8) كیلۆغرام خەملێندرابو(محمد،2001،ص42)، هەندێك جاریش كڕین و فرۆشتنی كاڵاكان بە

کێشان مامەڵەیان پێوە نەکرابو، بەڵکو دانە شوێنی سەنگکردنی گرتبوەوە، هەروەك لە ئازەربیجان باوبوە لە ماوەی سەدەی(4-5ك/10-11ز) کە پەنجا نان بەیەك درهەم مامەڵەی پێوەکرابو(ابن حوقل،1939،ص335).

لەناوەڕاستی سەدەی پینجەمی کۆچی/ یانزەهەمی زاینیدا کە گەڕیدە سەردانی شاری قەزوینی کردبو، قات و قڕی و پەشێوی لە شارەکەدا بڵاو ببوەوە، ئاماژەی بە نرخی کاڵاکان کردوە، کە یەك نانی جۆ بە دوو درهەم فرۆشرابو(ناصر خسرۆ،1993،ص46)، لە هەرێمی جەزیرەشدا دانە شوێنی کێشانی گرتبوەوە، کە لەساڵی (448ك/1056ز) چوار دانە مریشك بە یەك دینار فرۆشرابو(ابن الاثير،1978،8/ 79). هەرلەم هەرێمەدا یەکە کێشێکی تر بەکار هاتبو کە لە هەرێمەکانی تر بەدی نەکراوە، ئەویش وەقرە(وقر)، کە تەنها ئیبن حەوقەل ئاماژەی پێکردوە و وتویەتی:((دوو بەرداش لە شەوو ڕۆژێکدا پەنجا وەقر ئاردیان بەردەست خستبوو ))(1939،ص219)،(وقر) لە زمانی عەرەبیدا بە بارێکی قورسی ئاژەل وتراوە، مەبەستیش باری وشتربوە، چونکە بە وشتری قەڵەو وتراوە (الوقار)(فیروزابادی، 2005،ص1412)، هەندیك جاریش باری وشتر(الوسیق) ی پێ وتراوە، کە سەنگەکەی(60) صاع بوە، و یەك صاعیش بە (2,4) کیلۆگرام خەملێندابو، کەواتە باری وشتر(الوسق) بەرامبەر (4, 122 ) کیلۆگرام بوە(محمد،1980،ص41). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئاشێك لە هەرێمی جەزیرەدا لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا(660)کیڵۆ غرام ئاردیان بەرهەم هێنابێت.

**تەوەری دووەم: یەکەی پێوانە کردن لە شارە کوردیەکاندا**

یەکەکانی پێوانەکردن لە شارە کوردنشینەکاندا لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچیدا /دەیەم و یانزەهەمی زاینیدا گرینگیەکی زۆری هەبووە لەنێو کۆمەڵگادا و ڕەنگدانەوەی لە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئاینی هەبووە، کە شارە کوردنشینەکان متمانەی تەواویان پێیان هەبووە لە ژیانی ڕۆژانەیاندا . ئەم یەکە پێوانانەش بریتی بوونە لە جەریب (الجريب)،کە بەکارهاتبو بۆ پێوانەکردنی ڕووبەر (ابن حوقل، 1939،ص210)، و بۆ سەنگکردنی کاڵاکان و بۆ پێوانی ڕوبەر بە چوار قەفیز خەملێنرابو(فەیروز ئابادی،2005،ص240)، لە هەمان کاتدا ماوەردیش،(الماوردی م 450ك/1058ز) جەریبی بۆ پێوانەکردنی ڕوبەر دیارکردبو، کە بریتی بوە لە (10×10) قەسەبە دووجا، یەك قەسەبەشی بە شەش(ذراع)ی شەرعی دانابوو (الماوردی ،1989،ص194)، یەك (ذراع)ی شەرعیش بە (2 ,46) سانتیمەتر مەزەندە کرابو، (ابو مصعب،2007،ص79)،.لە ئەنجامی لێکدان و کۆکردنەوەییەکەکان جەریب دەکاتە(3984 , 768 ) مەتری چوار گۆشە بە پێوەری ئەمڕۆ.

گەڕیدەکان لەمیانی سەردانیان بۆ شارەکان تێبینی ڕوبەری بازاڕ و شارەکانیان کردبو، هەر وەك قەزوینی کە پێناسەی شاری بەرزەعە (برذعة)ی کردوە و ڕوبەرەکەی بە فەرسەخ لێکداوەتەوە، هەروەها باسی یەکێك لە بازارەکانی کردوە کە بە بازاڕی کەرکی ناسراوە ڕوبەری بازاڕەکەی بە فەرسەخێك دووجا مەزەندە کردووە(1989، ص515) فەرسەخیش یەکەیەکی پێوانەی بووە بو درێژی ڕێگاکان و دیارکردنی ڕووبەرەکان بەکارهاتبوو، یەك فەرسەخیش بەرامبەر نزیکەی شەش کیڵۆ مەتری ئەمڕۆ دەبێت، (ڤالتر هنتس،1970،ص94). کەواتە ڕوبەری بازاڕی کەڕکی(6) کیلۆمەتری چوارگۆشە بوە بە پێوەری ئەمڕۆ.

بەشێوەیەکی گشتی فەرسەخ بۆ دیاریکردنی ماوەی نێوان شارەکان و درێژی ڕێگاکان و باغ و بێستانی شارە کوردیەکانیش بەکارهاتبوە، هەر وەك توێژەر زانیاری بەردەست خستوە کە باسی باغەکانی لوڕستانی کردوە بەتایبەتیش باغەکانی ڕۆژئاوای شاری ئیزج (ایذج) کە درێژیەکەی بە چوار فەرسخ لێکداوەتەوە (الداودی،2010،ص 118)،واتە نزیکەی بیست و چوار کیلۆ مەتری ئەمڕۆیە، ڕەئس والعەینیش(رأس العين) لەهەرێمی جەزیرەدا لە وەسفی شارناساندا بەدەر نەبوە، کە باسی بێستانەکان وکێڵگەکانیان کردوە و بە بیست فەرسەخیان مەزەندە کردوە(ابن حوقل،1939،ص 233).

ئەوەی شایانی وەبیرهێنانەوەیە لە هەرێمی ئازەربایجاندا بەتایبەتیش لە شاری مەراغەدا، بێسانێکی بەناوبانگی هەبوە بەناوی قیامەتباز، وەسفی ڕوبەرەکەی کراوە بە فەرسەخێك جارانی فەرسەخێك(القزوینی، 2011، ص562)، ڕوبەری ئەو بێستانە بە زاراوەی ئەمڕۆ دەکاتە نزیکەی سی و شەش کیڵۆمەتری چوارگۆشە(ڤالتر هانتس،1970، ص94). ئەمەش ڕوبەرێکی فراوانە بۆ بێسانی تەنها شارێك لە ماوەی سەدەی (4-5ك/10-11ز).

یەکە پێوانەی تریش لەماوەی توێژینەوەکەدا کاری پێکراوە لە شارە کوردیەکاندا، وەك یەکە پێوانەی باوەڕپێکراو، بەتایبەتیش بۆ دیاریکردنی ماوەی نێوان شارەکان، کە ئیبن حەوقەڵلاماوەی گەشتەکەیدا ڕێگای نێوان شاری موصل و ئامەدی بە چواردە ڕۆژ بڕیبو (1939، ص210) و ڕێگای نێوان شاری خەلاَت وبەدلیسیشی بە سێ ڕۆژ خەملاندبو(ابن حوقل، 1939، ص 353)، هەندێ جاریش بۆ دیاری کردنی قەراغی بێستانەکان و فراوانی سەوزایی بە ڕۆژە ڕێ ماوەکە دیارکراوە، هەروەك لە دەوروبەری شاری بەرزەعە ماوەی فراوانی باغ و بێستانەکان بە ڕۆژە ڕێ دیار کردبو(ابن حوقل،1939، ص338)، لە هەمان کاتیشدا ماوەی نێوان شاری ساوەو قومی بڕیوە بە دوو ڕۆژ ، ئەو ماوەیەشی بە دوازدە فەرسەخی مەزەندە کردبو(ابن حوقل،1939،ص361)، کەواتە ئەگەر دوازدە

فەرسەخی بە دوو ڕۆژ بڕبێت، واتە یەك ڕۆژە ڕێ بەرامبەر شەش فەرسەخە، هەر فەرسەخێکیش نزیکەی شەش کیلۆ مەتربێت ، کەواتە ماوەی ڕۆژە ڕێگایەگ دەکاتە نزیکەی سی و شەش کیلۆمەتری سەردەمی ئەمڕۆ.

قۆناغیش(المرحلة) یەکەیەکی تر بوە بۆ دیاریکردنی ماوەی نێوان شارەکان، پێوەری دیاریکردنی ئەو ماوەیەش بە ڕۆیشنی گەشتیارێك دانراوە لە ماوەی ڕۆژێکدا((المقری،1977،ص223)، هەروەك ماوەی نێوان شاری نەسێبین و ڕەئسولعەین بە سێ قوناغ وەسف کراوە(ابن حوقل، 1939، ص 210)، هەر قوناغێکیش زانایان بە (89) کیلۆ مەتریان داناوە(محمد،2001،ص56)، واتە ماوەی نێوان ئەو دوشارە دەکاتە (267)کیلۆمەتر، بە پێوەری ئەمڕۆ. ماوەی نیوان شاری ئورمیەو سەڵماسیش بە دوو قۆناغ دیارکرابو،(ابن حوقل،1939، ص353).

یەکە پێوانەیەکی تر لە شارە کوردیەکاندا کاری پێکراوە بەناوی باڵا(قامة) ، بۆ دیاری کردنی بەرزایی، کە ئیبن حەوقەل وەسفی شاری ئامەد کردبو وتویەتی:(( کەوتۆتە سەر چیایەك لەرۆژئاوای ڕوباری دیجلە بەرزیەکەی نزیکەی(50) پەنجا باڵا دەبێت.))(1939،ص222)، باڵای مرۆڤیش بە( 5، 6) شەش پێو نیو دانراوە بە پێی خۆی، پێی مرۆڤیشیان بە (8، 30) سانتیمەتر داناوە،(ابو مصعب،2007،ص65،-66)، لە ئەنجامی لێك دان واتە باڵای مرۆڤی ئەوکاتە دەکاتە:( 2 ،200)سانتیمەتر، واتە بەرزی ئەو چیایەی کە ئیبن حەوقەل باسی کردوە دەگاتە نزیکەی(1 ،100) سەد مەتر ویەك سانتیمەتر.

یەکەیەکی تر بۆ دیاریکردنی ڕوبەری شاخەکان بەکارهاتبو لە ماوەی توێژینەوەکە دا ئەویش پێ (قدم) بوە، کە ناسر خەسرۆ سەردانی شاری ئامەدی کردبولەساڵی(438ك/949ز) زانیاری ڕوبەری ئەوشاخەی خستۆتە ڕوو کە ئەو شارەی لەسەر بنیات نرابو، وتویەتی:(( درێژی و پانیەکەی(1000) هەزار پێ بووە،(1993، ص52)، درێژی پێ بە دوو لەسەر سێی زراعی شەرعی دانرابو(ابومصعب،2007،ص65)،زراعی شەرعیش بە( 2 ,46)سانتیمەتر خەمڵێندرابو، کەواتە درێژی پێ دەکاتە(8، 30) سانتیمەتر، لە ئەنجامی لێکداندا درێژی وپانی ئەو شاخەی کە ناصر خەسرۆ وەسفی کردبو دەکاتە نزیکەی(308) مەتر، کەواتە ڕووبەری ئەو شاخەی کە شاری ئامەدی لەسەر بنیات نرابو لەوکاتدا بەرامبەر بە (864, 94) نەوەدو چوار هەزار و هەشت سەدو شەست و چوار مەتر دوجا بوە بە پێوەری ئەمڕۆ.

هەرچەندە جیاوازی هەبوە لە بۆچونی شارناسان ئیبن حەوقەل و ناسرخەسرۆ لە دیاری کردنی بەرزی و دەرخستنی ڕوبەری ئەو شوێنەی کە شاری ئامەدی لەسەر بنیاد نرابو، بەڵام لەسەدەی پێنجەمی کۆچی/دەیەمی زاینیدا ئەم شارناسانە پێوەرێکی زانستی وردی ئەوتۆیان لەبەر دەست نەبوە بۆ پێوانی بەرزی و دەرخستنی ڕوبەر، ئەوەی وتراوە تەنها مەزەندە بووە.

لە هەمان کاتیشدا گەڕیدەی فارسی ناسرخەسرۆ زانیاری لەبارەی شورەی شاری ئامەد خستۆتە ڕو و بەرزیەکەی بە بیست زراع (ذراع) دیاری کردوە(1993، ص52)، درێژی زراعیش لە فەرهەنگی عەرەبیدا بەو ماوەیە پێناسە کراوە کە کەوتۆتە نێوان ئانیشك و سەری پەنجەی ناوەڕاستی دەستی مرۆڤ(فیروز ابادی، 2005، ص467)، هەرچەندە کۆمەڵێك زراع هەبوە، وەك زراعی یوسفی و سەواد و هاشمی و عومەری ،بەڵام زانایان کۆك بوینە لەسەر زراعی شەرعی کە بە(2، 46)سانتیمەتر (ابومصعب،2007،ص ص53-57)، لە ئەنجامی لێکدان، بەرزی شورەی ئامەد دەکاتە(9,24)،مەتر و بیست و چوار سانتیمەتر.. .

یەکە پێوانەیەکی تریش هەبوە کە لە هەرێمی ئاران ناوی هاتوە بە(الغلوة)، کە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبی درێژیەکەیان بە ماوەی تیر هاوێژێك مەزەندە کردوە(الرازی،1989،ص432؛ ابن منضور،15،1956/ 132)،ماوەی ئەم یەکە پێوانەییە بە چوار سەد زراع خەملێندراوە(ابومصعب،2007،ص60-61)، وەیەك زراعیش بە( 2 ,46 ) سانتیمەتر دانرابو، کەواتە درێژی غلوە - ماوەی تیرهاوێژێك - دەکاتە:( 80, 184 ) مەترە.

**تەوەری سێیەم: دراوی بەکارهاتو لە شارە کوردنشینەکاندا**

دراو بە یەکێك لە ئامرازە کاراکانی گۆڕینەوە دانراوە، بەتایبەتیش بۆ بەرامبەرکردن و سەنگکردنی کاڵاکان و خزمەتگوزاریەکان، لەبەر ئەوە پەیوەندیەکی سەرەکی بە چالاکی ئابوری هەیە و بە تەوەرەیەکی گرنگ هەژمار کراوە، کەگشت مامەڵە بازرگانیەکان و داراییەکانی لە خۆگرتوە و بەپێی بڕیاری ئەوە دەسەڵاتە سیاسیە کە دانی بە دراوەکە ناوە.موسوڵمانان سیستەمی دوانەییان ڕەچاو کردبو لە سکە لێدانی دراودا، دینار[3] لە زێڕو درهەمیش[4] لەزیو دروسکرابون(المقریزی،1880،ص15)، لەگەڵ سکەلێدانیش هەوڵیان دابو پارێزگاری لەساختەکاری وکەم و زیادی کێشی دراوەکە بکەن بەهۆی مۆرکرنیان کە لەلایەن دەسەڵاتی تایبەتمەندەوە ڕێپێدرابو بە نوسین لەسەر هەردو ڕوی دراوەکە(ابن خلدون،د.ت،ص 206).

میرنشینە کوردیەکان لە ماوەی توێژینەوەکەدا تاڕادەیەك نیمچە سەربەخۆییان هەبوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی دۆستانەیان لەگەڵ دەوڵەتی عەبباسیدا لە برەو دابوە لە ڕوی سیاسی و ئابورییەوە، هەمان دراوی دەوڵەتی عەبباسی لەپاڵ دراوی ناوەخۆ مامەڵەی بازرگانی پێوە کرابو، جگە لە هەندێك دراوی بیانیش، وا دەردەکەوێت کە سەرچاوە مێژوییەکان ئاماژەیان کردیە لە

شارە كوردیەكانی هەرێمی جەزیرەدا مامەڵە بە دیناری زێڕ و درهەمی زیو كرابو(الفارقی، 1959،ص72-79)، هەروەك ئاماژەش كراوە كەكۆنترین دراو لەهەرێمی جەزیرەدا كورد سكەیان لێدرابێت درهەمر بوەلە شاری ئامەد لەساڵی (367ك/977ز)، كێشەكەی (1,90) غرام و تیرەكە شی(24)ملم بوە، نمونەی ئەم درهەمە لەمۆزەخانەی هونەی ئیسلامی لە وولاتی میسر پارێزراوە و تۆمار كراوە لە ژێرناونیشانی ژمارە(17039)(محمود،1985،ص37،-38) شێوی نوسینی دراوەكەش بەم شێوەیە بووە:

ناوەڕاستی ڕووناوەڕاستی پشت

| | |
|---|---|
| لا اله الا | لله |
| الله وحده | محمد |
| لاشريك له | رسول الله |
| الطائع لله | عضد الدولة وتاج الملة ابو شجاع |

پەراوێزی ناوەوە پەراوێزی ناوەوە

| | |
|---|---|
| محمد(رسول الله ارسله) بالهدى ودين الحق | بسم الله ضرب هذا الدرهم بامد |
| ليظهره على الدين كله وكره المشركون | سنة سبع وستين وثلاثماية |

پەراوێزی دەرەوە

لله الامر من قبل ومن بعد(ويومئذ يفرح) المؤمنون بنصرالله.

درهەمێكی تریش كە سكەی لە جەزیرەی ئیبن عومەر لێدرابو لە ساڵی(385ك/992ز)، بۆ میر ئەبی عەلی ئەلحەسەن كوری مەروان دەگەڕێتەوە، نمونەی ئەم درهەمەش لە مۆزەخانەی بەریتانیا پارێزراوە،

)v.3,p.23., Lane Poole.1877(

شێوەی نوسینەكەشی بەم شێوەیە بوە:

ڕووپشت

| | |
|---|---|
| لا اله الا الله | لله |
| وحده لاشريك له | صلى الله عليه واله |
| الملك بهاء الدولة | القادر بالله |
| وضياء الملة | جناح الدولة |
| ابو نصر | ابوالحسن |

پەراوێزی ناوەوە: بسم الله ضرب هذا الدرهم بالجزيرة(جزيرة ابن عمر)سنة خمس وثمانين وثلاثماية

درهەمێكی تریش بۆ سەردەمی میر ئەبی علی ئەلحەسەن كوری مەروان دەگەڕێتەوە كە لەساڵی( 387ك/997ز) لە شاری میافارقین سكەكەی لێدرابوو،(Ibi ,p.24)نوسنی سەر دراوەكەش بەم شێوەیە بووە:

ڕووپشت

| | |
|---|---|
| لااله الا الله | لله |
| وحده لاشريك له | صلى الله عليه واله |
| الملك بهاء الدولة | القادر بالله |
| وضياء الامة | الامير أبو على |
| | الحسن بن مروان |

پەراوێزی ناوەوە: بسم الله ضرب هذا الدرهم بميافارقين سنة سبع وثمانين وثلاثماية

پەراوێزی دەرەوە: لله الامر من قبل ومن بعد (ويومئذ يفرح) المؤمنون بنصرالله.

جگە لە میرنشینە كوردیەكان دەسەڵاتدارانی تریش وەك حەمدانیەكان گرنگیان بە لێدانی سكە دابو لە شارەكوردیەكانی جەزیرە، لەوانەش ناصر دەولەی حەمدانی لە ساڵی(330ك/941ز) لە شاری نەسێبین سكەی درهەمی لێدابو، نازناوی دەسەڵاتداری حەمدانی ناسر ئەلدەولەی لەسەری نەقشكرابو(الصايغ،2002،ص45)، نمونەی ئەم درهەمە لە مۆزەخانەی بەغدا پارێزراوە لەژێر ناونیشانی ژمارە(4424 مس)، (صالح.1980،ص53)، نووسینی سەر درهەمەكەش بەم شێوەیە بووە:

ڕووپشت

| | |
|---|---|
| لااله الا | محمد رسول الله |

الله وحده المتقى لله

ناوەراستچێوە

لاشريك له الله ضرب هذا الدرهم بنصيبين سنه ثلثين ثلثماية

ناصر الدولة

ابو محمد

هەندێك لە نمونەی ئەم دراوانە لە مۆزەخانەی وولاتی میسر پارێزراون کە لەسەردەمی ناسر دەولەی حەمدانی لێدرابون, Lane (– Poole,v,1,p140).

بەهەمان شێوە شاري سنجاريش. پێگەیەکی بەهێزی ئابوری و سیاسی هەبوە لە هەرێمی جەزیرەدا، هەر لەبەر ئەمەش بوە کە عەبباسەکان و حەمدانیەکان عوقەیلیەکانیش گرنگیان پێدابو و خانەی سکە لێدانیان تێدا دامەزراندبو، بەتایبەتیش لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زاینیدا، لە ساڵانی( 306، 319 ،320،321 ك) لە ماوەی فەرمانرەوایی خەلیفە ئەلموقتەدر بیلا(295-320ك/908-932ز)و سەردەمی ناصر دەولەی حەمدانی(317-319ك/929-931ز) ،عوقەیلیەکانیش لەماوەی(387-442ك/997-1050ز) گرنگیان بەم شارە دابو، لە ساڵانی(395،391،390 ك) سکەی دراویان لێدابو(شمیسانی،1983،صص347، 349)، وادەردەکەوێت ئەم دراوانە لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەوەی شارە کوردیەکانیش ڕەهەندی ئابوریان هەبوبێت، کاتێك شارناس ئیبن حەوقەل سەردانی نەسیبینی کردوە لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زاینیدا، باجی زەویانەی شاری ئەرزەن و میافارقین بە(4,200,000)چوار ملیون و دووسەد هەزار درهەم خەمڵێندرابو (1939، ص193،-194). لێدانی سکەی دراو و مامەڵەکردن بە دراوی ناوەخۆ و دەرەوە ئەوە دەردەخات کەوا پەیوەندی ڕامیاری و ئابوری تۆکمە هەبوە لە نێوان شارە کوردیەکانی هەرێمی جەزیرەو دەوڵەتی عەبباسی. مامەڵە و ئاڵ و گۆڕی بازرگانی لە شارە کوردیەکانی جەزیرەدا لە ماوەیی سەدەی چوارەم وپێنجەمی کۆچیدا/ دەیەم ویانزەهەمی زاینیدا، بە دینارو درهەم بوە، بەڵام درهەمی زیو بە ڕێژەیەکی زۆر فراوانتر بەر چاو کەوتوە لە نێوەندە ئابوریەکان و کۆمەڵایەتیەکاندا، کاتێك کە خزمایەتی ژنخوازی کراوە لەنێوان میر ئەبا عەلی حەسەن کوڕی مەروان و سەعد ئەلدەولەی حەمدانی، مارەیی ئەو ژنخوازیە بە(200,000) دوسەد هەزار درهەم دیار کرابو(الفارقی،ص72)، باجی زەویانەش بە هەمان شێوە بە درهەم دیار کرابو، کە ساڵانە میرنشینی مەروانی باجی زەویانەی شاری نەسێبینی داوە بە دەوڵەتی عەبباسی لەساڵی(358ك/968ز)، برەکەی بە(000 , 000 6) شەش ملیون درهەم دیار کرابو، شاری دیاربەکریش باجی ساڵانەی بە(000 ,300)سێسەد هەزار درهەم دیار کرابو(الفارقی،1059،ص 79)، هەندێك جاریش باجی زەویانە بە دینار دراوە بەدەوڵەتی عەبباسی، کە هەردو شاری ئەرزەن و میافارقین نزیکەی(56000) هەزار دیناریان داوە بە دەوڵەتی عەبباسی(الدوری،1995، ص 217). ئەمەش گرنگی دراوی ناوچە کوردیەکانی دەرخستبو لە سەر ئاستی دەرەوەی هەرێمەکاندا.

دەسەڵاتدارانی عەبباسیەکان تاڕادەیەك گرنگیان بە شارە کوردیەکان دابو بە لێدانی سکەی درهەم بەناوی خۆیانەوە لە هەردو شاری هەولێر(اربل) و ئامەد ، بەتایبەتیش لە سەردەمی هەر دوو خەلیفەی عەبباسی ئەلرازی بیلا(322-329ك/ 933-940ز)و خەلیفە ئەلموتەقی بیلا(320-333ك/932-944ز)(القیسی، 2005،ص 86-87)، وادەردەکەوێت کە سکە لێدانی دراو لە گرنگترین دانپێنراوەکانی سیستەمی سیاسی بێت لەوشوێنەی کە دراوەکەی لێدرابێت ، لە لایەن دەسەڵاتی بەرزترەوە کە ئەویش ئەوکاتە دەسەڵاتی عەبباسی بوە، ئەویش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سەروەری دەسەڵاتەکەیەوە هەیە، لە لایەکی تریش لێدانی سکەی درهەم لە سەردەمی هەردوو خەلیفە لە هەر دوو شاردا گرنگی پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتی شارەکان دەردەخات.

دەرکەوتن و لێدانی سکەی درهەم لە شارە کوردنشینەکانی هەرێمی جەزیرەدا بە شێوەیەکی کتوپڕ نەبوە بەڵکو ئامادەکاری بۆ کرابو و دانی پیانرابو و پێگەیەکی ئابوری گونجاوی هەبوە، ڕۆژهەڵاتناسی نەمساوی ئاماژەی کردوە کە لەشاری میافارقین و ئامەد و خەلات و دونیسەر خانەی سکە لێدانی دراو هەبوە، لەسەردەمی میر ئەحمد کوڕی مەروان (401-453ك/1010-1061ز)(زمباور،1951،ص 206)، دیناریش ڕەهەندی ئابوری بەهێزی هەبوە لە ڕێکخستنی یەکە کارگێڕیەکاندا، بەتایبەتیش لە شاری میافارقین، کاتێك کە سوڵتانی سەلجوقی لەساڵی(463ك/ 1070ز) بەرەو میافارقین دەچێت توانیویەتی( 000, 100)، سەد هەزار دیناریان لێوەربگرێت (ابن الاثیر،1978، 109/8).

دراوی ناوەخۆ و بیانی وای کردبو کە ئابوری شارەکوردیەکان ببوژێتەوە، وەك بەکارهێنانی دینارو درهەمی عەبباسی و دیناری فاطمی و دیناری ئەرمانۆسی[5] و دیناری ئەمیری[6] کە لەلایەن بازرگانەکانەوە مامەڵەی پێوەکراوە، هەروەك فارقی ئاماژە بەبازرگانیکی شاری میافارقین دەکات لە میانەی تەنها کڕین و فرۆشتنێکدا(500) دیناری ئەرمانۆسی قازانج کردبو(1959،ص116)،

دیناری ئەرمانوسی نەك تەنها لەبواری بازرگانیدا ڕەهەندی خۆی هەبوە بەڵکو لە یەکە کارگێڕیەکانیشدا متمانەی پێکرابو، لەساڵی(431ك/1039ز) کە منداڵەکانی خەلیفەی عەبباسی بەهۆی کێشەیەکەوە وەك پەناگیر لەمیرنشینی مەروانی دەمێننەوە، میر ئەحمەد کوڕی مەروان بژێوی ژیانیانی گرتبوە ئەستۆی خۆی و ڕۆژانە(50) پەنجا دیناری زێڕی ئەرمانۆسی بۆ بڕیبونەوە (الفارقی،1959 ، ص158 )، ئەم جۆرە دراوە کاریگەری لەسەرلایەنی ئاینیش هەبوە، بەتایبەتیش لەکاتی بنیاتنانی دێرێك لە شاری میافاقین، نەسرایەکان بە(30,000) سی هەزار دیناری ئەرمانوسی بەشدایان تێداکردبو(التطیلي,2002، ص154)، جگە لەم دراوانە دیناری زێڕی(مرابطی)[7] یش وەك دراوەکانی تر بەهای ئابوری گرنگی هەبوە، لە لایەن یەکە کارگێڕیەکاندا کاری پێکراوە، کە گەڕیدەی ئیتالی بنیامین تطیلی لە گەشتەکەیدا لە شاری ئامێدی چاوی بە جولەکەکان کەوتبو دیناری (مرابطي) یان وەك سەرانە بە موسوڵمانەکان دابو (التطیلي،2002، ص326؛ محمد،334،1989). وادەردەکەوێت کە ئەم جۆرە دراوانە بە فەرمی لەلایەن دەسەڵاتدارانی شارە کوردیەکان ڕەزامەندی ئاڵ وگۆری لە سەر درابێت.

شارە کوردیەکانی هەرێمی چیاکانیش بەدەر نەبوون لە مامەڵە کردن بە دراوی زێڕ و زیو، ئەو دراوانەی کە لە ناوچەکانی ئازربیجان و ئاران وئەرمینیا مامەڵەیان پێوە کرابو دیناری زێڕو درهەمی زیو بوە لە ماوەی توێژینەوکەدا (ابن حوقل، 1939،ص349)، دینارو درهەم بەرێژەیەکی بەرچاو بەکارهاتون و کاریگەری گرنگی هەبوە لە ڕێکخستنی یەکە کارگێڕیەکاندا، لەساڵی(344ك/955ز) باجی ئەم ناوچانە بە(000, 500) پێنج سەد هەزار دینار خەمڵاندرابو(ابن حوقل،1939ص355)، شارناس ئەستەخەری(م340ك/951ز) لە سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زاینی جەختی کردۆتەوە و وتویەتی:(( دراوی چیاکان هەموی لەزێڕ و زیو بون، بەڵام زیاتری زێڕ بوە))(د.ت ،ص203)، وادەردەکەوێت کە ئازربیجان پێگەی گرنگی ئابوری و ڕامیاری هەبوبێت، بۆیە لە سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زاینی، سکەی دراوی زێڕی لێداوەو ناوی خەلیفەی عەبباسی موقتەدیر بیلای لەسەر پشتی دراوەکە لە پاڵ ناوی دەسەڵاتداری ناوچەکە(یوسف بن دیوداد) نەقش کرابو, دیارە ئەمەش بۆ ئەوە بوە کە بەناوی خەلیفەوە سیفەتی شەرعی بۆخۆی وەربگرێت (الحسینی،1988،ص11)، دراوەکەش بەم شێوەیە بوە:

روو پشت

| | |
|---|---|
| لااله | الله |
| الله وحده | محمد |
| لاشريك له | رسول الله |
| يوسف بن ديوداد | |
| چێوە | چێوە |
| بسم الله ضرب هذا الدينار | محمد رسول الله |
| سنة ثلثماية | سله بالهدى ودين الحق |
| ليظره على دين كله | |
| ولو كره المشركين | |

حەسەنوەیهی یەکانیش کە لەڕۆژئاوای هەرێمی چیاکاندا فەرمانڕەواییان کردبوو لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمیزایینی(حسن،2011،ص43)، دراوێکی تایبەت بەخۆیان لە سکە دابوو، ئەمەش نیشانەی نیمچە سەربەخۆیی دەسەڵات و سەروەری قەڵەمڕەوییاني نیشان دابو لە ناوچەکەدا، ئەویش بە هۆی لێدانی سکەی دیناری زێڕ بەناوی میر بەدر کوڕی حەسەنوەیهی لە ساڵی(390ك/999ز) لە شاری سابورخواست (رمضان،2008،ص169)،شێوەی نوسینی سەر دراوەکەش بەم شێوەیە بوە:

ڕووپشت

| | |
|---|---|
| لااله الا الله | لله |
| وحده لاشريك له | محمد رسول الله |
| القادر بالله | وكهف الامة ابوطالب |
| بدر بن حسنوية | ابريز |

پەراوێزی ڕوو:

بسم الله ضرب هذا الدينار بسابور خواست سنة تسعين وثلثماية.

پەراوێزی پشت:

محمد رسول الله ارسله بالهدى ودين الحق ليظهره على الدين كله ولو كره المشركون.

دینارێکی تریش کە بۆ سەردەمی میر بەدر کوڕی حەسەنوەیهی دەگەڕێتەوە کە لەساڵی(397ك/1006)

(Lane poole،1877,p.339 ,v3)لە سەر شێوەی دیناری عەبباسی سکەکەی لێدرابوو

نوسینی سەر دینارەکەش بەم شێوەیە بوە:

**روو**

لااله الا الله

وحده لاشريك له

القادر بالله

بدر بن حسنوية

**چێوە**

بسم الله ضرب هذا الدينار بسابور خواست

سنه سبع وتسعين وثلث مائة

**پشت**

لله

محمد رسول الله

وكهف الامه ابوطالب

دیناری زێڕی ئەم میرنشینە بە ڕێژەیەکی زۆر لێدرابو کە لە نێوەخۆ لە دەرەوەی میرنشینەکەش بەهایەکی ئابوری بەهێزی هەبوە لەمامەڵە کردندا، بەتایبەتیش لە خوراسان(زبیر،1959،ص 187)،هەروەك سەرچاوەی مێژویی ئاماژەی کردوە،لە ساڵی(403ك/1012ز) کە دیناری بەدری ڕەواجی هەبوە و کاروباری کارگێری پێڕایی کراوە ( سبط ابن الجوزی،2013، 18 /217)، جگە لە دیناری زێر، سکەی درهەمی زیویش لە میرنشینی حەسەنوەیهی لێدراوە(نقشبندي, 2008,ص309). کە بەم شێوەیە بوە:

ناوەندی رووناوەندی پشت

| | |
|---|---|
| لااله الاالله | لله |
| وحدة لا شريك له | محمد رسول الله |
| القادر بالله | وكهف الامة |
| بدر بن حسنوية ابو طالب | |

پەراوێزپەراوێز

محمد رسول

الدرهم بمرو سنة....وتسعين وثلثمائة الله ارسله

ئەمە نیشانەی هێزو توانایی ئەومیرنشینە دەردەخات لە ڕوی ئابوری بەهێزییەوە کە توانیویەتی سکەی دیناری زێڕو درهەمی زیوی تایبەت بە میرنشینەکەی لێبدات، بەشێوەیەکی فراوان کە بتوانێت ئابوری میر نشینەکەی پێ ببوژێنێتەوە، هەرچەندە ئەم میرنشینە تاڕادەیەك سەربەخۆیی ئابوری هەبوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەسیاسەتی بوەیهیەکان پابەند بوە، هەروەك دەردەکەوێت کە میر بەدر کوڕی حەسەنوەیهی لە ساڵی(360ك/970ز)(000 ,50) پەنجا هەزار دیناری زێڕی داوە بە بوەیهیەکان وەك باجی ساڵانەی هەرێمی چیاکان(مسکویە،2،1914/ 274)، دیارە ئەمەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی و پتەوکردنی هاوسەنگی سیاسەتی هەردوولابوە بوە، ئەو دینارو درهەمەی کە لەمیرنشینی حەسەنوەیهی سکەی لێدراوە بە دینار و درهەمی بەدرە ناوی هاتبو(الزبیر،1959،ص ص167،5)، ئەم دراوانەش بەڕێژەیەکی زۆر بەرچاو کەوتون هەروەك سەرچاوە مێژوویەکان ئاماژەیان پێداوە لە پاش کوشتنی میر بەدر سالی(405ك/1014ز) دەستیان بەسەر(...، 14 )،چواردە هەزار دیناری زێڕو(000 ,40)چل هەزار درهەمی زیو داگرتبوو لە قەڵاکەیدا(سبط ابن الجوزی،18،232/2013)، ئەو دینارو درهەمەی کە لەمیرنشینی حەسەنوەیهی مامەڵەی پێدەکرا لە هەمان کاتدا لە بەغداش ڕەهەندی ئابوری هەبوە، چونکە ئەو دینارو درهەمانەی کە فەخر ئەلمولك لە قەڵای شاپورخواست دەستی بەسەر داگرتبو، لە بەغدا هەندێکی لێ خەرج کردبو و هەندێکیشی بۆ خۆی گل دابوەوە (ابن الجوزی،2012، 15 /123).

جگە لە دراوی ناوەخۆ دراوی عەبباسیەکانیش لە میرنشینی حەسەنوەیهیدا مامەڵەی پێوەکراوە، وەك دیناری(مطیعی) کە بەناوی خەلیفەی عەبباسیەوە بوە(المطیع لله بن المقتدر بالله 334-363هـ/946-974م)(ابن الجوزی،15،2012/124-125)، لە پاڵ ئەمەدا درهەمی رەشیش(السود)[8] مامەڵەی پێکراوە لە میرنشینی حەسەنوەیهیدا کە( ابو العباس الضبی) پەنای بردبو بۆ ناوچەکانی میر نشینی ناوبراو (5, 000) پێنج هەزار درهەمی رەشی خەرج کردبو(نەقشبەندی،2008, ص437). ئەمەش ئەوە دەگەیەنی کە ئەم میرنشینە ئابوریەکی بەهێزی هەبوە، هەم سکەی دراوی لێداوەو هەم دراوی بیانیشی مامەڵە پێکردبو.

لەئەنجامی تێڕامان و ورد بونەوە لە مێژووی شارە کوردیەکاندا بەتایبەتیش لەسنوری قەڵەمڕەوی حەسەنوەیهیەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵێك دراوی تریش ئاڵ وگۆری ئابوری پێوە کرابێت، کە سکەی لێدانیان بۆ حەسەنوەیهیەکان ناگەڕێتەوە، هەروەك بەڕێوەبەرایەتی شوینەواری بەغدا لەساڵی 1973 کنەو پشکنینی زانستی کردبو، لە دەشتی شارەزور،(69) دیناری زێڕی لە نێو قوتویەکی کانزایی دۆزیبوەوە، کە بۆ پێنج بنەماڵەی دەسەڵاتداری گێراوەتەوە، پەنجاو چوار دینار بۆ بنەماڵەی فاتمیەکانی میسر، کە لەشاری مەنسوریە سکەکەی لێدرابو، لەساڵی( 345ك/956ز)، کێشەکەی (7 , 3) غرام بوە، تیرەکەشی( 5, 21 ) ملم بوە، کە ئەمەش نمونەی یەکێك لەو دینارانەیە کە لە مۆزەخانەی بەغدا پارێزراوە لە ژێر ناونیشانی ژمارە(15990) (حجارة،1975،ع6.ص74)، بەم شێوەوەیە:

رووپشت

ناوەراست :لاالە الا الله محمد رسوا الله	المعز لدین الله امیر المؤمنین

پەراوێزی ناوەوە	دعا الامام معد

وعلی افضل	لتوحید الا لە الصمد

ووزیر خیر المرسلین

پەراوێزی دەرەوە:	پەراوێزی دەرەوە:

محمد رسول الله ارسلە بالهدی	بسم الله ضرب هذا الدینار

ودین الحق... الخ	بالمنصورية سنة خمس واربعین وثلثماية

ئەو دوودینارانەی سەردەمی سامانیەکانیش (261-389ك/874-99ز) کە لە دەشتی شارەزور دۆزراونەتەوە و لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری بەغدا پارێزراون، یەکەمیان لە سەردەمی نەصر کوڕی ئەحمەد(301-331ك/913- 942ز) لێدراوە و کێشەکەی( 4, 20 )غرام بوەو تیرەکەی( 23,5 )ملم بوە،(القیسی،2005،ص114)، بەم شێوەیە :

ناوەراستی روو

لاالە الا

الله وحدە

لاشریك لە

چێوەی یەکەم : بسم الله ضرب هذا الدینار بنیسابور سنە احدی وثلثین و ثلثماية

چێوەی دووەم : لله الامر من قبل ومن بعد ویومئذ یفرح المؤمنون بنصر الله

ناوەراستی پشت

لله

محمد

رسول الله

المتقی لله

نصر بن محمد

چێوەکەی: محمد رسول اللهارسلە بالهدی ودین الحق لیظهرە علی الدین کلە ولوکرە المشرکون

لێدانی سکەی دراو لە شارە کوردیەکاندا تەنها لەلایەن میرنشینە کوردیەکانەوە نەبوە، بەڵکو دەسەڵاتداری بوەیهیەکانیش گرنگیان بە شارە کوردیەکان دابو بۆ لێدانی سکەی دراو، بە تایبەتیش لە ئاران کە درهەمیان ناوی میری بوەیهی عەلی کوڕی بویە لەسەر نەخش کردبوو، نمونەی ئەم درهەمە لە مۆزەخانەی بەغدا لە عێراق پارێزراوە لە ژێر ناونیشانی ژمارە(4588مس)(دفتر،1975،ع6،ص53).

شاری هەمەدانیش لەو شارانە هەژمار کرابو کە پێگەیەکی گرنگی هەبوە لەلایەن دەوڵەتی عەبباسیەوە، چونکە خانەی دراوی تێدا دامەزراندبو، بەتایبەتیش لە ماوەی فەرمانڕەوایی خەلیفە ئەلموقتەدر بیللا(295-320ك/907-932ز)، سکەی دینارێکی لە ساڵی(301ك/913ز) لێدابو، کێشەکەی(13 ،4)غرام بوە، (Bernardi,2010,p99.)، ڕوو و پشتی دراوەکەش بەم شێوەیە بوە:

ڕووپشت

لله لا اله الا

محمد الله وحده

رسول لاشريك له

الله

المقتدر بالله

دەولەتی عەبباسی سکەی دینارێکی تریشیان لە هەمەدان لێدابو لە ساڵی (313ك/925ز) ، نمونەی ئەم دراوەش لە بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری بەغدا پارێزراوە لە ژێر ناونیشانی ژمارە(6886مس)،کێشەکەی( 15 ،4)غم بوە،تیرەکەی(27)ملم بوە، تەنها ئەوەندە زانیاری لە بارەیەوە بەردەست بوە(لطفی،1976،ع7،ص44)، لە شاری حەلوانیش سالی(321ك/932ز) سکەی درهەمی زیو لێدرابو،(محمد، 2012 ،ل46)، کە بەم شێوەیە بوە:

روو پشت

لاالله الا لله

الله وحده محمد

لاشريك له رسول

ابو القاسم بن الله

امير المؤمنين القاهر بالله

چێوەی چێوەکەی

بسم الله ضرب هذا الدرهم محمد رسول الله

بحلوان سنة احدى ارسله بالهدى

وعشرين وثلثماية ودين الحق(الخ)

وادەردەکەوێت کە خانەی سکە لێدان تەنها لە شارەکان دانەمەزرابێت بەڵکو جاری واش هەبووە ئەم خانەیە لە گوندەکانیش دامەزرابو، دەقی مێژوویش ئەمە دەردەخات کە جۆرە درهەمێکی تربە ناوی درهەمی جورقانی لێدرابو کە بەناوی گوندێك بوە لە نزيك شاری هەمەدان (الکرملی، 1939،ص145؛ بحر العلوم، 122،1967).

شەدادیەکانیش لە ماوی فەرمانڕەواییاندا(340-595ك/951-1198ز)سکەی پارەیان بەناوی خۆیانەوە لێدابو، ناوی میر(الامير السيد منصورفضل بن محمد بن شداد) لەسەریان نەخش کردبو،لەسەردەمی کوڕەکەشی بە هەمان شێوە سکەی دراو لێدرابو(شکر،1990، ص118)، وادەردەکەوێت کە ئەم پارانەی شەدادیەکان بە هەمان دیناری زێڕو درهەمی زیو بوبێت، کە لە ئاران مامەڵە بە دینارو درهەم کرابوو(مسعر،1960،ص12؛ حسن،2011، ص188).

سکەلێدانی دراو تەنها لە ئەستۆی خەلیفەکان و میری میرنشینەکان نەبوە، بەڵکو هەندێك جار سەرکردە سەربازیەکانیش ئەو مافەیان بەخۆ دابو کە سکەی دراو بەناوی خۆیانەوە لێبدەن، هەروەك دەردەکەوێت کە دەیسەم کوڕی ئیبراهیمی کوردی لە ماوەی فەرمانرەواییەکەیدا(315-345ك/926-956ز) کە دەسەڵاتی ناوچەکانی ئازەربیجان و ئەرمینیاو ئارانی گرتبوەوە(حسن،2011،ص23)، سکەی دراوی لە بەرزەعە بە ناوی خۆی لێدابو(بولادیان،2004،ص142)، زانیاری ئەوتۆ لەسەر ئەو دراوە بەردەست نەبوە کە ئاخۆ دینار بوە یان درهەم، بەڵام زانیاری تر هەیە کە ئاماژە دەکات ، دەیسەم کوری ئیبراهیم لە ماوەی ساڵانی (326، 328، 340 ك) سکەی دیناری زێریلێدابێت ، یە کەمیان لە مەراغە لەساڵی( 326ك/937ز)سکەی دینارێکی لێداوە، کێشی ( 14 ,3)غرام بوە و ناوی خۆشی لەسەر نەقش کردبو(.Bernardi,2010,p158)، دراوەکەش بەم شێوەیە بوە:

ڕوو پشت

لله لااله الا

محمد الله وحده

رسول الله لاشريك له

القادر بالله

دیسم بن ابراهیم

دینارێكی تریش سكەكەی بۆ دەیسەم كوڕی ئیبراهیم دەگەڕێتەوە كە لەساڵی (328ك/939ز) لە مەراغە لێدرابو، كێشەكەی (4, 33) غرام بوە،(.Bernardi,2010,p159 )، بەم شێوەیە بوە:

روو پشت

| | |
|---|---|
| لله | لا اله الا |
| محمد | الله وحده |
| رسول الله | لاشريك له |
| القادر بالله | |
| دیسم بن ابراهیم | |

هەریمی ئازەربیجانیش بەدەر نەبوە لەسكە لێدان بە تایبەتیش لەسەردەمی دەیسەم كوڕی ئیبراهیمی كوردی كە سكەی دینارێكی لێدابو لەساڵی(340ك/951ز)، كێشەكەشی بە(4) غرام خەمڵێندراوە160 Bernardi,2010,p()، دینارەكەش بەم شێوەیە بوە:

روو پشت

| | |
|---|---|
| لله | لا اله الا |
| محمد | الله وحده |
| رسول الله | لاشريك له |
| المطيع الله | |
| دیسم بن ابراهیم | |

دەقە مێژوویەكان وا دەردەخەن كە دەیسەم كوڕی ئیبراهیمی كوردی هەرچەندە نەی توانیوە میرنشینێك بەناوی خۆیەوە دابمەزرێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەماوەی فەرمانڕەواییەكەیدا ئەوەی زانراوە توانیویەتی چوار كەڕەت سكەی دراو لە شوێنی جیاجیا لێبدات.

**ئەنجام:**

1 ـ لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی كۆچی/ دەیەم و یانزەهەمی زاینی كۆمەڵێك میرنشینی كوردی فەرمانڕەواییان لەشارەكوردنشینەكان كردبو، دوای دامەزراندنی یەكە كارگێڕیەكانیان، هەوڵی ئەوەیان دابو كە سكەی دراو لێبدەن و لەپاڵ دراوی بیانی لەشارەكوردیەكاندا بەكاری بهێن و لەگەڵ سیستەمی فەرمانڕەواییان بگونجێت بۆ گەشەكردنی ئابوری هەرێمەكەو و بەردەوام بونی فەرمانڕەوایی دەسەڵاتداریان، ناوی خۆشیان لەپاڵ ناوی خەلیفە نەقش كردبو بۆ مەبەستی ئەوەی كە سیفەی شەرعی لەفەرمانڕەوایدا بە خۆیاندا بدەن، نەك بەدەرچوو لەدەوڵەتی عەبباسی لە قە ڵەم بدرێن.

2ـ دەسەلاتدارانی شارە كوردنشینەكان، هەردەم لەخەیاڵی ئەوەدا بوینە كەسیستەمی یەكە كارگێڕیەكانیان جیاوازی ئەوتۆی نەبێت لە گەڵ سیستەمی دەوڵەتی ئیسلامی ئەوكات، بە تایبەتیش لەڕوی دیاری كردنی یەكە سەنگەكانی كێشان، چونكە سەنگەكان لە ژێر كاری گەری شەریعەتی ئیسلامی دابوینە، لەبارەی كەم و زیادی سەنگەكان و دورخستنەوەیان لەكاری ساختەكاری، بۆ پاراستنی مافی هاوڵاتیان.

3ـ لە ئە نجامی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا دەركەوتوە كە دراو شیكاری كۆمەڵێك حەقیقەتی مێژوویی دەكات، كەشاراوە بون پێش لێكۆڵینەوەكە، بۆیە دراو دیاردەی دەوڵەت دەردەخات لەبارەی ئابوری و كۆمەڵایەتی و باری ڕامیاری و سیستەمی بەڕێوەبردن، لەماوەی لێكۆڵینەوەكەوە لە دراوەوە دەگەین بە شارەزابون لە سەربەخۆی بون و سەروەری ئەو دەسەڵاتەی كە دراوەكەی لێداوە و چۆنیەتی ڕاییكردنی پەیوەندیە ئابوریەكانی لەگەڵ سیستەمە سیاسیەكانی دەوروبەری.

4ـ وا دەردەكەوێت لە ماوەی سەدەی چوارەم وپێنجەمی كۆچی/ دەیەم و یانزەهەمی زاینی جۆرێك لە سەقامگیری ئارامی لە ناوچە كوردنشینەكان هەبوبێت، بۆیە دەسەڵاتدارانی ناوچەكە و دەوڵەتی عەبباسیش هەوڵی دامەزراندنی خانەی سكە لێدانیان لەشارە كوردیەكان دابو و دیناری زێڕو درهەمی زیویان دەركردبو، ئەمەش ببوە هۆی بوژانەوەی كەرتی بازرگانی و خۆشگوزەرانی و بەرزبونەوەی ئاستی بژێوی دانیشتوان، هەر ئەمەش بوە بویتە هۆی ئەوەی كە خەڵك متمانە بەدراوی ناوەخۆ و بیانیش بكەن,

ئەمەش كاریگەری لەسەر بەردەوام بونی سیستەمی سیاسی ئەوكات هەبوە، هەندێك لەو میرنشینانە بۆماوەی سەدەیەك لە فەرمانرەوایی بەردەوام بوینەو دەسەڵاتە زلهێزەكانی ئەوكاتە دانیان پیا ناون.

5ـ ئەو گەشە ئابوریەی كە شارەكوردیەكانی گرتبوەوە بە هۆی بازرگانەكانەوە، وای كردبو كە دەسەڵاتی ناوچەكە بتوانێت یەكە سەنگی تایبەت لەنێوەخۆ بڵاوبكاتەوە بۆ بازرگانەكان، كە جیاوازیەكی ئەوتۆی نەبێت لەگەڵ هەرێمەكانی تری ناوچە كوردنشینەكان و لەگەڵ دەوڵەتی عەبباسی لە ڕوی زاراوەییەوە.

## پەراوێز:

(1)جەڕە: جەرەی هەنگوین دوو جۆری هەبوە، گەورەو بچوك، یەكەمیان بەرامبەر جەرەی رۆمانی بوە كە كێشی(24) بیست و چوار قسط هەنگوینی لە خۆگرتبو، دووەمیان (4)چوار(ابومصعب،2007،ص136)،قسط یەكەی سەنگكردن بوە، كێشەكەی نیو صاع بووە(فیروزابادی،2005،ص1057)،یەك صاعیش بە(2,04) كیلۆگرام خەملێندرابو(محمد،2001،ص37)،كەواتە جەرەی گەورە یەكسانە بە 24 × 1,02 = 48 ،24 كیلۆگرام، كێشی جەڕەی بچوكیش یەكسان بووە 4× 1,02 = 4,08 كیلۆگرام.

(2)ڕەتل: یەكەی پێوانە وسەنگكردنی كاڵاكان بوە، بەرامبەر بە (12) ئۆقیە بوە، (المناوی،1981،ص 35) وە یەك ئۆقیەش (34) غرام بوە،(الانصاری،1980،ص 54)،كەواتە رەتل  12 × 24 × = 408 غرام بوە بە یەكە كێشی ئەمرۆ.

(3)قیرات(قراط) بەشێكی بچوكی دینار بوە، لە شاری مەككە بە یەك لەسەر بیست و چواری دیناریان دانابو، لە عێراقیش بە نیوەی دەیەكی دیناریان خەملاندبو(فیروز ابادی،ص1045)، كێشی دیناریش بە(4,25) غرام دانرابو، كەواتە یەك قیرات یەكسان بوە بە (4,25 ÷ 24 = 0,1771 غرام، (محمد،2001،ص23).

(4)دینار:لە وشەی ڕۆمانی وەرگیراوە، سەرەتا ڕۆمە بیزەنتیەكان بەكاریان هێنابو، لە وشەی(Denarius) یان وەرگرتبو، واتە پارە،لە لایەن عەرەبەكانەوە بە دیناری هەرقەڵی ناسرابو، لە باشترین جۆری زێر سكەكەی لێدرابو،(كرملی،1939،ص25).

(5) درهەم: لە وشەی درەمی فارسی وەرگیراوە، ئەوانیش لە(دراخما)ی یۆنانیانوەرگرتبو،(غنیمە،1953،مج9، ص115)، لەشارە كوردیەكانیش مامەڵەی پێوە كرابو، كێشە سەرەكیەكەشی بە (4,11) غرام دانرابوو، بەڵام سەنگەكەی بە(2,97) غرام جێگیر ببوو.(محمد،1957،ص33-،34).

(6)ئەرمانوسی:دینارێكی زێڕ بوە بەناوی ئیمپراتۆری بێزەنتی ڕۆمانوسی دووەمII(Romanus)سكەكەی لێدرابوو،(القلقشندي،2005، 10/7،-13).

(7) دیناری الامیری: لەسالی 462ك/1069 خانەی سكە لیدان لەدەستی جێگرەكەی خەلیفە القائم بامرالله بوە لە بەغدا، ئەویش كوڕەكەی بوە، دینار بەناوی جێگرەكەی لێدرابو، بەناوی دیناری (الامیری).(ابن الاثیر،8،107/1978؛ ابن كثیر،12،122/1977).

(8) مرابطی:(Maravede) جۆرە پارەیەكی ئاسیایی بوە، بۆ یەكەمجارمورابتیەكان لە ئیسپانیا سكەی ئەم پارەیان لێدابو،(بنیامین،2002، هامش ،3، ص326).

(9)(السود): جۆرە درهەمێك بوە، هەندیك جار بە درهەمی وافی یان بەغلی ناوی هاتبو، كە كەسێكی یەهودی بەناوی بەغل سكەكەی لێدابو(كرملی، 1939، ص22).


**لیستی سەرچاوەو ژێدەرەكان**

**یەكەم: سەرچاوەكان**

**بەزمانی عەرەبي**

ابـن الأثيـر , عـز الديــن أبــو الحســن علي بـن محمـد الجزري،( ت 630 هـ / 1232م ).

1- الكامل في التاريخ ، دار الفكر ، ( بيروت : 1978م )

ابن الاخوە، شیخ عبدالرحمن بن عبدالله بن نصر الشیزری(ت590هـ /1193م).

2-نهاية الرتبة فی طلب الحسبةنشره السد الباز العرینی، مطبعة لجنة التالیف والترجمة والنشر(القاهرة: 1946م).

الانصاري، ابی العباس نجم الدین بن الرفعة،(ت710هـ/1310م).

3- الایضاح والتبیان فی معرفة المكیال والمیزان، حققە وقدم لە: الدكتور محمد احمد اسماعیل الخاروف، دار الفكر،( دمشق:1980م).

التطیلی، بنیامین(569هـ/1173م).

4-رحلة بنیامین، ترجمة:عزرا حداد، دراسة وتقدیم عبدالرحمن عبداللة الشیخ، المجمع الثقافی (ابوظبی:2002).

ابن الجوزي : أبو الفرج عبد الرحمن بن علي، ( ت 597 هـ / 1200 م ) .

5-المنتظم فی تاریخ الملوك والامم، المحقق:محمد عبد القادر عطا ومصطفى عبدالقادر عطی، دار الكتب العلمیة،(بیروت:2012).

ابن حوقل،ابو القاسم النصیبي(ت367هـ/ 977 م).

6- صورة الارض،مطبعة دار صادر ،طبعة الثانیة(بیروت :1938م).

ابن خرداذبة، ابو القاسم عبیدالله بن عبدالله،(ت 280هـ/893م).

7-المسالك والممالك، وضع مقدمتە وهوامشه وفهارسه د. محمد مخزوم ،ط، داراحیاء التراث العربي،(د.م:1988م).

الرازی، محمد بن ابی بكر بن عبدالقادر(ت666هـ/1267م).

8- مختار الصحاح،اخراج دائره المعاجم فی مكتبه لبنان،(بیروت:1989م).

سبط ابن الجوزي،شمس الدین ابي المظفر یوسف بن قزاوغلي بن عبدالله،(ت654هـ/1256م).

9- مراة الزمان في تواريخ الاعيان، تحقيف: محمد انس و كامل محمد الخراط، دار الرسالة العالمية، ط1، (دمشق:2013م).
الاصطخري، ابو اسحاق محمد بن ابراهيم،(ت 340هـ/951م).
10- المسالك و الممالك، ط1،مطبعة بريل، (ليدن:د.ت).
االفارقي، احمد بن يوسف بن علي بن الازرق،(ت571هـ/1175م).
11- تاريخ الفارقي، حققه وقدم له د.بدوي عبد اللطيف عوض، راجعه محمد شفيق غربال، الهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية،(القاهرة:1959م ).
أبوالفداء، المؤيد عماد الدين اسماعيل بن علي بن محمد بن عمر، ( ت 732 هـ/ 1331م ).
12- تقويم البلدان، اعتنى بتصحيحه وطبعه، رينورد، و بارون ماك كوكين، دار الطباعة السلطانية، (باريس:1840م).
الفيروز ابادى، مجد الدين بن يعقوب(ت817هـ/ م1414م).
13- قاموس المحيط، رتبه ووثقه: خليل مأمون، دار المعرفة(بيروت:2005م).
القزويني، زكريا بن محمد بن محمود،(ت682هـ/1283م) .
14- آثار البلاد واخبار العباد، دار صادر بيروت،( بيروت:1998م).
القلقشندي، أبو العباس أحمد بن علي، ( ت 821 هـ / 1418 م ) .
15- صبح الأعشى في صناعة الإنشاء، طبعة الهيئة العامة لقصور الثقافة،(القاهرة:2005م).
ابن كثير: عماد الدين أبو الفداء اسماعيل بن عمربن كثير الدمشقي، ( ت 774 هـ/ 1372 م ).
16- البداية والنهاية، تحقيق: مكتب التحقيق، دار إحيـاء التراث العربي، الطبعة الأولى،( بيروت: 1997م ) .
الماوردى، ابو الحسن على بن محمدبن حبيب(ت450هـ/1058م).
17- الاحكام السلطانية والولايات الدينية ، تحقيق: احمد مبارك البغدادى ، مكتبة دار ابن قتيبة(كويت:1989م).
ابن المستوفى، شرف الدين ابو بركات المبارك بن احمد(ت637هـ/1239م).
18- تاريخ اربل، المسمى بنباهة البلد الخامل بمن ورده من الاماثل،تحقيق:سامى بن السيد خماس الصقار، دار الرشيد(بغداد:1980م ).
مسعر بن مهلهل، ابو دلف الخزرجى (ت384هـ/994م).
19- الرسالة الثانية، عنى بنشرها وترجمتها وتعليقها،بطرس بولخاكوف و انس خالدوف، دار النشر للاداب الشرقية(موسكو:1960م).
مسكويه،ابو على محمد بن احمد بن يعقوب(ت421هـ/1030م).
20- تجارب الامم وتعاقب الهمم ، اعتنى بالنسخ والتصحيح:هـ . ف . امدروز، مطبعة شركة التمدن الصناعية(مصر:1914م).
المقدسي: ابوعبدالله محمد بن احمد،(ت387هـ/997م).
21- احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم ، حررها وقدم لها ، شاكر لعيبي ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر،الطبعة الاولى، (بيروت:2003م).
المقرى،احمد بن على الفيومى(ت770هـ/1388م).
22- المصباح المنير فى غريب الشرح الكبيرللرافعى، تحقيق:عبد العظيم الشناوى، ط2، دار المعارف،(القاهرة:1977م).
المقريزى، تقى الدين احمد بن على(ت845هـ/1441م).
23- النقود الاسلامية القديمة، مطبعة الجوائب، (قسطنطينية:1298م).
المناوى، محمد عبد الرؤوف بن تاج العارفين بن على(ت1031هـ/ 1621 ).
24- النقود والمكاييل والموازين،تحقيق:الدكتور رجاء محمود السامرائى، دار الرشيد للنشر(بغداد:1981م).
ابن منظور، جمال الدين ابو الفضل جمال الدين محمدبن مكرم(ت711هـ/1311م).
25- لسان العرب، دار مكتبة الهلال ،(بيروت:1956م).
ناصر, خسرو، أبو معين الدين القبادانى المروزي،( ت 481 هـ/ 1088م ) .
26- سفر نامه، ترجمة: يحيى الخشاب، الهيئة المصرية العامة للكتاب، الطبعة الاولى، ( القاهرة : 1945م ) .

**دووەم : ژێدەرەکان:**

**أ- بە زمانی عەرەبی:**

بحر العلوم, محمد السيد علي.
1- النقود الاسلامية, ط5,(النجف:1967م).
حسن، قادر محمد.
2- الامارات الكوردية في العهد البويهي دراسة في علاقاتها السياسية والاقتصادية،(334-447هـ/945-1055م) مطبعةرۆژهەڵات،(اربيل:2011م).
الداودي، رمضان شريف.
3- لورستان الكبرى، دراسة في احوالها السياسية والحضارية (550-827هـ /1155-1424م) مؤسسة موكرياني للبحوث والنشر، مطبعة خانى (دهۆك: 2010م).
الدوري، عبد العزيز.
4- تاريخ العراق الاقتصادي فى القرن الرابع الهجري، مركز دراسات الوحدة العربية، ط3، (بيروت:1995م).
رسول،اسماعيل شكر.
5- لشداديون في بلاد اران(340-595هـ/951-1098م)رسالة ماجستير,طبعه على الة الكاتبة,مقدمة الى كلية الاداب بجامعة صلاح الدين(اربيل:1990م).
رمضان، عاطف منصور محمد.

6- النقود الاسلامية واهميتها فى دراسة التاريخ هوالحضارة، مكتبة زهراء الشرق.(القاهرة:2008م).
7- زبير، حكيم عبدالرحمن
مدينة خلاط(درلسة في تاريخيها السياسي والحضاري،493– 641هـ/1100– 1243م)،مطبعة وزارة التربية(اربيل:2005م).زمباور،أدوارفون.
8- معجم الانساب والاسرات الحاكمة فى التاريخ الاسلاميين، ترجمة: زكى محمد، حسن احمد محمود، واشترك فى ترجمة بعض الفصول، سيدة اسماعيل كاشف، حافظ احمد حمدى،مطبعة جامعة فؤاد الاول( القاهرة:1951م).
شميساني، حسن.
9-مدينه سنجار من فتح العربى الاسلامى حتى الفتح العثمانى، منشورات دار الافاق الجديدة،(بيروت:1983م).
الصايغ،خالد
10-النقود الاسلاميه، مجمع الثقافى،( ابوظبى:2002م).
عبد ،محمد سوادى.
11- الاحوال الاجتماعية والاقتصادية في بلاد الجزيرة الفراتية،دار الشؤون الثقافية العامة،(بغداد:1989م).
ڤالتر، هنتس.
12 - المكاييل والاوزان الاسلامية، ومايعادلها فى النظام المترى، ترجمة: الدكتور كامل العسيلى، منشورات الجامعة الاردنية(عمان:1970). القيسى، ناهض عبد الرزاق دفتر.
13- النقود فى كوردستان، مطبعة تيشك،(سليمانية:2005م).
الكرملى،انستانس مارى.
14-النقود العربية و علم النميات، الناشر محمد امين دمج،(بيروت:1939م).
المازندراني,السيد موسى الحسيني.
15- النقود العربية الاسلامية, دار العلوم للتحقيق والطباعة والنشر والتوزيع, ط3,(بيروت:1988م).
محمد،عبدالرحمن فهمى.
16-صنج السكه فى فجر الاسلام، مطبعة دار الكتب المصرية(مصر:1957م).
محمد، على جمعة.
17- المكاييل والموازين الشرعيه، منشورات ومطبوعات القدس ، ط2،( القاهرة : 2001م).
محمد, اكو برهان.
18- التجارة والنظم المالية في كوردستان،اطروحة دكتوراه، غير منشور، كلية العلوم الاجتماعية، جامعة كوية(كوية: 2008م).
19- محمود عرفة محمود،مسكوكات العهد البويهى بالعراق واهميتها التاريخية، مجلد24، الحوليات الاسلامية،طبع المعهد العلمى الفرنسى للاثار الشرقية(القاهرة:1985).
محمود، احمد عبد العزيز
20-الامارة الهذبانية الكرديه في اذبيجان واربل والجزيره الفراتيه من293-656هـ/٩٠٥-١٢٥٨م دراسة سياسية حضارية،مطبعة وزارة التربية،(اربيل:2002م).
ابو مصعب، محمد صبحى بن حسن حلاق.
21- الايضاحات العصرية للمقاييس والمكاييل والاوزان والنقود الشرعية، الناشر،مكتبة الجيل الجديد،(صنعاء:2007 م).
النقشبندي، حسام الدين علي غالب.
22-اذربيجان دراسة في احوالها السياسية والحضارية، اطروحة دكتوراه، كلية الاداب،جامعة بغداد، (بغداد: 1984م).
هروي, درويش يوسف حسن.
23- بلاد هكاري(334-737هـ/945-1336م)دار سپيريز للطباعة والنشر، مطبعة وزارة التربية(اربيل:2005م).
يوسف، عبدالرقيب.
24-الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى،ط2،دار ئاراس للطباعة والنشر،(اربيل:2001م).

**2- ژيدەرەكان بە زماني كوردي**

نەقشەبەندي، حسام الدين علي غالب.
1-شارەزورو لورستاني باكور لە سەدەكانی ناوەراستدا،و: رەنج ابوبكر محمد،چاپخانەی حەمدی، (سليماني: 2008م).
محمد، ئاكۆ بورهان.
2- ئابوری كوردستان لە سەردەمی عەباسی دا، لە بلاوكراوەكانی كتێبخانەی غازی،(ب.ش:2012م).

**3- گۆڤارەكان**:

حجارة، اسماعيل حسين.
1- النقود المكتشفه فى ياسين، مجلة المسكوكات، تصدرها مديرية اثار العامة، بغداد،عدد،1975،6.
دفتر، ناهض عبدالرزاق.
2- دراسة تحليلية لنوادر المسكوكات البويهية فى المتحف العراقى، مجلة المسكوكات، تصدرها مديرية اثار العامة، بغداد،عدد1975،6.
.صالح، سعدية .
3-نقود فترة امرة الامراء فى العصر العباسى الثانى،، مجلة المسكوكات، تصدرها مديرية اثار العامة، بغداد،عدد1979،10.

لطفى،مهاب درويش.
4-الدينار العباسى فى المتحف العراقى،،، مجلة المسكوكات، تصدرها مديرية اثار العامة، بغداد،عدد1976،7.
4- سه‌رچاوه‌ی بیانی:
Lane Poole Stanly.
- cataloge of the oriental coins the BritisMuseum,v.1.London.1877.
-.3.London.1877.
Bernardi,G.
-Arabic Gold coins ,London,2010.

**ملخص**

كانت الامارات الكوردية خلال القرنين الرابع والخامس للهجرة/ العاشر والحادي عشر للميلاد فى اقاليم الجزيرة الفراتية والجبال وغرب اقليم الجبال واذربيجان حريصة على تطبيق النظام اداري واقتصادى خاص بها ولاسيما الاهتمام باستعمال وحدات الموازين والمقاييس وانواع العملات والمسكوكات التي كانت تستعمل في المدن الكردية لتمشية امورها الاقتصادية. وقد حاول الكرد تنظيم تلك الامور بما يتماشى مع الشريعةالاسلامية، لان معظم سكان المدن الكردية كانوا من المسلمين وكان يوجد بينهم عدد من اتباع الديانات الاخرى من اليهود والنصارى وقد عاشوا بين الكورد بامن وسلام وقاموا بانشطتهم الاقتصادية بكل الحرية.

ومن الجدير بالذكر ان تلك الانظمة الادارية والاقتصادية التى كانت فى المدن الكوردية لم تكن تتناقض مع الادارة العباسية وكان الجميع يعمل ضمن المصلحة العامة والتى كان فيها نوع الاستقلاليةواللامركزية التى كانت تخدم المدن الكوردية، ولا تتناقض مع السياق العام للنظام الادارى للدولة العباسية.

ومن الملاحظ ان العلاقات الحسنة التى كانت بين الامارات الكوردية والدولة العباسية ادت الى تطوير تلك العلاقات بين الطرفين و الى ثقة واعجاب الخلفاء العباسيين بالكورد، وبسبب استتباب الامن والاستقرار السياسى والاقتصادى فى الاقاليم حدث انعكاس ايجابى على المناطق الكوردية، وبسبب اهتمام خلفاء العباسيين بالمدن الكوردية ،قامت السلطات العباسية بفتح دار ضرب المسكوكات الذهبية والفضية ومنها الدينار والدرهم فيها اضافة الى ذلك فقد اهتموا بالمسكوكات الاجنبية فى المدن الكوردية خلال فترة البحث. ومما لاشك فيه ان المدن الكوردية التى سكت فيها المسكوكات كانت ممنوحة من قبل السلطة الشرعية وبموافقتها لذلك اصبحت موضع الثقة لدى التجار والنظام الادارى حينذك. وهذا ادى الى ان المسكوكات الصادرة من الامارة المروانية والحسنوية كانت لها رواج خارج اقاليمهم و الدليل على ذلك ان المدن الكوردية كانت تدفع الخراج الى الدولة العباسية من تلك المسكوكات التى كانت تضرب بالمدن الكوردية.

**Abstract**

The study targeted at to purposes regarding history and archaeology of Kurdish emirates, during the process of qualitative data collection the researcher has experienced and collected information about the Kurdish authorities of the Emirates of Kurdistan, their keen to civilization, their abilities to management and administration, arts and human abilities.

The Kurdish Emirates (states) during the fourth and fifth Hegira centuries (tenth and eleventh centuries A.D) were always eager to adapt their local administration regarding using metric measures and money in the Kurdish local states for everyday businesses. They tried to coincide these systems of measurements with Islamic Sharia or law. Although there were diversities but the majority of the Kurdish city dwellers were Islam followers.

The purpose of these systems were keeping balance between the people of Kurdistan Emirates and Abbasi Caliphate. This helped good relations with Abbasi Caliphates. Although there were few differences between the metric measures such as money, but it did not make any problem and did not affect the administration systems between both sides. The secure regions and the effective relations paid the caliphates attentions and made them trust the Kurdish authorities and traders; this had positive effects on the regions. The Abbasi Caliphate found coinage manufactures in some Kurdish cities. Golden and silver Dinnar and Dirham were coined with local currencies as well, in addition, foreign currencies were accepted at that time. There is no doubt that there were coin manufactures in the Kurdish cities, and this was legislated and trusted by the Caliphate administrations and trade systems. Therefor the coins that were manufactured by Marwani and Hasnawi adapted in and out of the Kurdish areas. An evidence is that Kurdish Emirates were allowed to used their coins to paid taxes to Abbasi Caliphate.

**پاشکۆ**



(1) دینارێکی سالاریەکان سکەکەی لە مەراغە لێدرابو ساڵی(347ك/958ز)..Chase ،robinson,2010,v1,p 37



(2) درهەمێکی میر نشینی عوقەیلیەکان سکەکەی لە شاری نەسێبین لێدرابو ساڵی(385ك/995ز).
Chase robinson,2010,v1,p 37



(3)دینارێکی عەبباسی لە ساڵی(319ك/931ز) لە شاری ئەردەبیل سکەکەی لێدرابو(.Bernardi,G,2010,p155).



(4)دینارێکی عەباسی سەردەمی خەلیفە ئەلموقتەدیر(320/295ك/907-932ز) سکەکەی لە شاری هەمەدان لێدرابو لەساڵی(301ك/913ز).Bernardi,G,2010,p99 ().



(5)دینارێك سكەكەی لە ئازەربیجان لێدرابو لە لایەن دەیسەم كوڕی ئیبراهیمي كوردي لە ساڵی(340ك/651ز).(Bernardi,G,2010,p160 ).



( 6) دینارێك سكەكەی لە مەراغە  لێدرابو لە لایەن دەیسەم كوڕی ئیبراهیم لە ساڵی(326ك/937ز).(Bernardi,G,2010,p158 ).



(7) دینارێك سكەكەی لێدرابو لە مەراغە لە لایەن دەیسەم كوڕی ئیبراهیم لە ساڵی(328ك/939ز).(Bernardi,G,2010,p159 ).



(8)دینارێك  لەسەردەمی یوسف بن دیداد (288-315ك/900-927ز) لە ئەرمینیا سكەكەی لێدرابو لەساڵی(303ك/915ز).(Bernardi,G,2010,p156).



(9) دینارێكی دەوڵەتی عەبباسی سەردەمی خەلیفە موستەكفی(333-334ك/944-945ز) كە بەناوی دیناری ئەمیری مامەڵەی پێكرابو لەشارە كوردیەكانی هەرێمی جەزیرەدا .